





# تیشکی رووناک لە وتارە مێژوویەکەی سەرۆکی فەرماندەدا

● ئەوەی ئێمە داوای دەکەین حکومەتـــی ئێران بە ئاشکراو بەشێوەیەکی یاسایی‌و بەکردەوە ، باوەڕ بە مافە مێژووییە رەواکانی عیراق بهێنـــێ لەسەر خاك‌و ئاوی خۆی .

● برایان ، عیراق لە هەڵوێستی هەست بـــە لێپرسینەوەوە هەڵدەسووڕێ چونکە باوەڕی بـــە بیروباوەڕی شەرەف مەندی‌و دادپەروەری هەیـــەو زۆر بەتەنگ ئەوەوەیە خوێن نەڕێژرێ‌و پارێزگـــاری ئاسایش‌و ئەهونی ئەم ناوچەیە بکرێ .

● ئێمە بەشانازی‌یەوە سلاو لە گەلی عەرەبی عەرەبستان‌و گەلی کورد لە کوردستانـــی ئێـــران دەکەین .





ئەم عیراقە خۆشەویستەی خاکی گوڵ کەن بوو بەخوێن
تاجاری دەستگیر نەبێ لەم خوێنە دەست هەڵناگرێ
دۆستایەتی کوردو عەرەب زۆر کۆنە تاریخ شاهیدە
تاجارێ روو رەش لەداخا بایەخەی خۆی دادڕێ

## تیشکی راستی

● بیکەسی نەمر ●



● ئەو کاتەی سوپای ئازای عیراق . بـــە باوەڕو توانای مەردانەیەوە . دەرسی رەگەز پەرستەکانـــی رژێمی ئێرانی دادەداو هێرە ترسنۆکەکانیان لەبـــەردەم هەڵمەتی ئازایانەی سەربازدکانی سوپای عیراقـــدا هەڵدەهاتن ، رادیو شرەکەی تاران کەمژانە قســـەی دەکردو داوای جارێ لەگشت گەلی عیـــراق دەکـــرد راپەڕن دژی حوکومەتی عیراق‌و جارێك فرمێسکـــی درۆزنانەی بۆ گەلی کوردستانی عیراق دەرشت‌و دەیوت راپەڕن‌و داوای مافی خۆتان بکەن .

● هەڵوێستی واو قسەی‌وا ، بە کـــەمژەیی‌و « جەهل »و نەفامی بەولاوە بەجی لێك دەدرێتـــەوە . سەیرە ، رەگەزپەرستەکانی ئێران تا ئیستاش شـــارو دیهاتەکانی کوردستانی ئێران دەسوێنن تا ئیســـتا ئازادیخوازانی گەلانی ئێران لەزیندان توند دەکـــەن ، لەکاتێکدا گەلی کورد لە کوردستانی عیراق ، بەمافـــی نەتەوایەتی رەوای خۆی شاد بوە ، کەچی ئەوان ئەوندە نەفامن ، بەو زمانە گەمژەیە قسە دەکەن ...

● ئینجا گەلی عیراق تێکرا ، کوردو عـــەرەب‌و تورکمان‌و کەمایەتیەکان . خومەێنی وا دەزانی ئـــەم گەلە لەبارێکدایە کە چاوەڕێ ئیشارەتە لە عەمامەکـــەی ئەوەوە ، ئازانی گەلی عیراق دەمێکە هەستی‌بەوە کردوە کە رژێمی رەگەزپەرستی ئێران پیویستی بەوەیە تەمێ بکرێ چونکە بەشێك لە خاکەکەی داگیرکردوەو دەستی بەسەر ئاوی «شط العرب»دا گرتوە ، لەکاتی‌وادا گەلی عیراق چۆن بێ‌دەنگ دەبێ نەء ... بێ دەنگ نابـــێ‌و ئەوەبوو ئەو دەرسەی پێدا کە لەبیر نەچێتەوە ...

## .. خومەینی! ئـــازادی کا ..؟



با من بەس ئەوە ئێر بخوم
کو دانەمینمە برسی
خارن ژی ... خارنەکا خوشـــ
نەنانەکێ رەفـــێ بێرســـی
تو ئەز نزانـــم ... دوژمنـــی
شیرێ خوێـــێ بو مـــن هوســـی
نەفـــە ... طومکە
لەو دبیژم ئازادی خواز
زوبیە چەکا بخود کومکە
مەزك دستارێ خەمانە
هەر دهێریت گوشـــت‌و برنجـــا
مە ئازادی ژی ترسانـــــە
ڕویفیێت بەر دەرێت کونجـــا
کەدا دەستێت مە لێکدانـــە
کە لەپیرتی بکەینە زنجا
سەرێت مەژی دتژی کانـــە
کەس نابیژیت
ئازادی کـــا
خەلکینا ... سەحکەن برینـــا
زانا برینـــێ دژوارە
نەفـــە هزار .. هزار سالـــە
مەهـــەر ئازادی لکـــارە
لێ ئەم پێفە لاوازبوین‌و
مەهێش نەدبنە چ چـــارە
هوین ژی وەرن
دائەم دەستێت خو بدەینە ئێك
چیاو دۆل‌و تەحت‌و نەهـــال
ئەو بخـــۆ بومە دی‌بنە رێـــك
چبکەم گاڤا من ناگەهیتە ججیـــا

ئیدریس مایی

## شانازی

-پێشکەش بە شۆڕشگێرەکانی خەڵکی پاوە -



لە پـــاوە داو لە زەمینـــەی
فیداکاری‌بەکـــسی بـــێ‌گەردا
چەندەهـــا خەمیـــان سەوزکرد
ئەوندگوڵ خونچەیان هەڵوەران ...
بەبێ تاوان میشکی لاوانیان دەپژان !!
چڵکاو خـــۆرە بێ رەحمەکـــان
بە باروت‌و زرێ پۆشـــر‌و
موسەلسەلی ئاگراوی
ووشـــەی -ماف- یان لـــە دەروونـــی
شۆڕشگێرانا ، کپ‌دەکـــرد ...
بەڵام خەڵکـــی پاوەی پیرۆز
زیاتر ترس‌و شالاوی مەرگ‌و نەمانیان
بۆ تاقمی دار دەست دەبرد ..!!
حوکمـــی بۆگەنی تارانیش
تا بێت زیاتر لەناو بۆتەی مەرگی‌خۆی‌دا دەکولێت‌و
ڕووەو هەڵدێرو زەنوێر دەچێت
تا ڕۆژی دێ
شۆڕشگێران دەسەڵاتـــی
چەوساوەیان بەدەست دەبێت ...!!

-محەمەد کەساس-

پێشکەشە
بە منالانی سنەو
مەهاباد لە ئێران



- یاسین محمد حمە خان -

شـــەو لە خەومـــا
پرخەپرخی منالەساواکانی «سنە»م دەهاتە گوێ
داوای مەمکیـــان ..
لەدایکە مەمك بەڕێوەکان نەکرد ..
لەبەردەم هەیکەلی کێڵەکانـــەوە
فرمێسکی . خەمیان ئەڕشت
«گریانـــی چێتـــە

تو جـــی ئەزانـــی
تۆ تازە خونچەی باخی ژیانی "*
جارێکی تـــر ...
بـــاران .. قوڕگـــی پەڵە هەورەکانی
پڕ ، گریان کرد
شاخ‌و دەشت‌و دۆڵەکانی - «سنە»و .
«مەهاباد» یان ئەشتەوە

*«ئەم دێرە شیعرە هی بێکەسی نەمرە »